کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەورووپا 25-4-2007 22:52

## (دوعا) هەمووانی کردە دڵۆپەیێک شەرمەزاری ... ئاسۆ حاجی

هەموو جار دەیانگوت قورەیشیەکان بە ڕەسەن کوردن چونکە لە نەوەی ئیبراهیم خەلیلن و ناوەکەشیان لە ناوی گوندی قورەشینی ناوچەی بێتواتە سەرچاوەی گرتوە، دەمگووت ئەوە قسەی قۆڕە. چونکە ئادگارو کار و کردەوەی ئەوان و ئێمە لێك جیاوازە.
دەیانگوت کورد میللەتێکی بە ویژدانەو هەرگیز دەستی ناچێت وەك زەڕقاوی بە کێرد سەری خەڵك پەل بدات دەمگووت قسەکی جوانە.
بەڵام کە دیمەنی سەر پانکردنەوەی دوعام دیت نە ئەوەی یەکەم قسەی قۆڕەو نە ئەوەی دووەمیش قسەی جوان: دەمانگووت عەرەب لە ڕێی ئیسلامەوە ئەو داب و نەریتەی بۆ ئێمە هێناوە ئەو جارە دەبی بڵێین بەر لە ئیسلام ئێمە عەرەبمان بەد بەخت کردون و داب و نەریتە بۆگەن و دڕندەکەی خۆمان دەقەبەر کردون. ئەوە نییە بە شانازییەوە چیرۆکی باپیرە گەورەمان ئیبراهیم بە هەولدان بۆ سەربڕینی کوڕەکەی کەوتۆتە نێو کتێبە پیرۆزەکان، کە بەو تێهزرینەوە بەردی بناغەی شارستانیەتی بۆ عارەبان دانا، ، دەبی ئەوجارە ئاراستەی ڕەخنە و بەخۆداچوونەوە بەرەواژی بکەینەوە چیتر ئاین نەخەینە بەردەم پڕۆسەی دادگایی کردن و بە هۆکاری دروستکردنی نەریتە پاشقەڕۆکانی دابنێین چونکە هەموو ئاینەکان لە هزری تاکە کەسەوە سەرچاوەی گرتوەو پاشانیش لە چواچێوەی داب و نەریتە کۆمەلایەتیەکان ئاراستەی خۆی وەرگرتوە واتا هەموو ئاینەکان بە داب و نەریتە باوەکانی نێو کۆمەلگا سەقا کراون و ڕەنگی ئەوانیان وەرگرتوە نەك بەپێچەوانەوە، با جارێکیش دوور لە ئاین و نەتەوەکان تەماشای کۆمەلی کوردستانی بکەین ئاخۆ لە هەلسو کەوت و تەماشا کردنی بەرامبەر چ جیاوازییێکیان لە نێوان دایە؟ ئایە هەمووی دەرهاوێشتەی یەك مندالدان نییە؟ سەرپان کردنەوی دوعا و پارچە پارچە کردنی حەمەد شەقلاوەیی لەسەر خۆشویستنی کچە کرستیانێکی شەقلاوەیی و دەیان کوڕ و کچی موسلمانیش لە بەر خۆشویستنی یەکدی یان کەسێك لە دەرەوەی ئاینی ئیسلام چ جیاوازێکیان هەیە، ئێمە هەمووومان هاوبەشین لە یەك شتدا شەرەف بە ڕشتنی خوێن دەکڕینەوە و مرۆڤایەتی خۆمان لە دەست دەدەین، بەردەوام باسی گەندەلی و کەس بە کەس نەبوونی دەکرێت لە کوردستان کە ڕەنگە هەندێك لە قسەکان جێی گومان بن یان بە ئاسانی هاندانێکی بیژیانە بدرێتە پاڵ نووسەرەکە، بەڵام لە ئاست بە دڕندانە شەهیدکردنی پەپولەیەکی وەك دوعا دەبی چ بگوترێت، دەبی چەند لە پەرلەمانتارە ڕۆبۆتیەکانمان گوتبێتیان (دەستیان خۆشبێت ئەو قەحپەیە بۆ وای کرد، دەبی چەند لە وەزیرەکان ئەوەیان لەبەر چاو دانابی ڕۆژگارێك کچێکی ئەوان حەز لە کوڕێکی غەیرە دین بکات و ئەوانیش لە مەڕاسیمی شەرەف کڕینەوەدا بەشداربن، یان کچەکانی ئەوان ئەوها سووك نین دڵ بە کەسێکی دیکە بدەن لە کوڕە مەسئول و پارەدارەکان بترازی کە هەموو شتێك بۆ ئەوان حەلالە) .
ڕێکخراوەکانی ئافرەتان و ژنان و خوشکان کە تەنها شایەنی ئەوەن لە ڕێکخراوێکدا بەناوی (ڕێکخراوی زەعیفانی کوردستان) کۆبکرێنەوە نوزەیەکیان لێوە نەهات و تەنها پارچە کاغەزێکیشیان بەو تاوانە ڕەوا نەدیت، ئەدی ئەو زەعیفانەی تەنها لە پارە وەرگرتن و بی هەلوێستی لە پەڕلەمانە تجاڕیەکەو حکومەتە دیموکراسیە چل و دوو وەزیریەکەمان یەکسانن دەبیَ لە کوی بن؟ دەبی بۆ تەجمیل کردن یان پیاسەیەکی سەر دەریا سەفەریان نەکردبێت، دەبی سەرۆکی حکومەت بەقەدەر بەسەرکردنەوەی شوقەکانی زەکەریا ماوەش بەسەیر کردنی تیرۆرکردنی کیژۆلەیەکی کورد بدات کەچۆن سەری بەبلۆك پان دەکەنەوە و وەزیری مافی گیانداران لە خەو هەلسێنی و وەگەر دادوەر و پۆلیس و ئاسایشەکانی بخاو ڕەوانەی مالێی بکاتەوە چونکە لەمەو دوا یاسا دەستکردەکان کاریان پی ناکری و دەگەڕینەوە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

سەر ئەسلی خۆمان و یاسای جەنگەل سەروەر دەبێت، دەبی سەرۆکی کوردستان ئەو کردەوە دڕندانەیە لە هەڕەشەکانی ئەردۆگان بە مەترسی دارتر نەزانی؟ئەگەر وایە بۆ بێدەنگی لە بەرامبەردا هەلبژاردوە؟ بۆ هەموو لایەك هەوڵ دەدەن ئەو تاوانە لە چاوچێوەی ئێزیدیەکان و لە پەنای ئاینەوە دیزە بە دەرخون بکرێت بۆ دەبێت تەنها چوار کەسی ئێزیدی بەیاننامە بەناوی حکومەتی ئێراق و کوردستان دەربکەن مەگەر ئێزیدیەکان کوردی ڕەسەن نین و ئێمە هەمووومان یەك گەل و نەتەوە نین.

ڕێکخراوە بە ناو ناحکومیەکان و ئەوانەی کاسبی بە بەهاکانی کۆمەڵگە دەکەن دەبی لە کوی ئارەقەی شەرمەزاری بڕێژن، هەر هیچ نەبووایە بۆ درێژەدان بەو کاسبیە نا شەرعیەی خۆتان هەندێکتان خۆ سۆرکردباوەو دەنگە زڕەکەتان ببیسترابا.

ئای لە ولاتێك کە ژەهر دەرخواردی گوڵان و شیلەی گوڵیش دەرخواردی ماران دەدری، ئای لە ولاتێك کە بۆ ئازادی و دواڕۆژی مرۆڤەکان دەریایەك خوێنی ڕشت ئەمڕۆ مەرگی لاوەکان دروێنە دەکات، ئای لە ولاتێك کە بە قسە بەهار لە چۆکانە و بە کردەوەش بلۆك لەسەر سەرانە، ئای نشتیمان لە ترسی دوژمنانت ڕۆحمان لی گری دابووی بەلام ئەمڕۆ لەترسی ڕۆلە بلۆك هاوێژەکانت پێلاوەکانیشم بەتۆ گرێم نادەن، ئای نشتیمان کە تەنها فێری ڕك لێبوونەوە و پەشیمانیت کردین.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بلاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.